**نامەیەکی سەر ئاواله بۆ هاولاتی**

**برایانی بەڕێز کاك ئاسوس و کاك عەدنان**

**وێڕای سلاو و ڕێز، هیوادارم حالتان باش بێت و له کار و تێکوشانی ڕۆژانەتان دا ماندوو نەبن.**
**بەرێزان: وەك هەمیشه ئێوارەی چوارشەممە چاوم لە لاپەرەکانی هاولاتی دەکرد. لە لاپەری سێ'دا وتوو وێژی هاوریٚ ئیبراهیمی عەلیزاده و کاك عەبدولای موهتەدیم بینی. ناوەرۆکی باسەکان و هەلوێسەکان با دابنێین بۆ قەزاوەتی خوێنەران. بەلام هاولاتی قەزاوەت و هەلویستێکی سیاسی گرتوه و کە بە لایٚ منەوە هێندێك چاوەروان نەکراو و یەك لایەنەیە. لەم هەلوێستەتان رەخنەم هەیە و پێم خوش بوو هاورێیانه بە خۆتانی بلێم.**
**لە ناساندنی هاوریٚ ئیبراهیمی عەلیزادەدا دەلێت: (سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، سکرتێری حیزب، "ئیبراهیم عەلیزاده") ئەم ناساندنه دوو هەلەی زۆر بەرچاوی تێدایه کە هیوادارم لە روی کەم دیقەتی یان ناشارەزایی ئەو کەسەوە بێت کە موقابلەکەی کردوە یان نوسینەکەی ئاوا دارشتووه.**
**یەکەم: ناوی رێکخراوەکەتان وەك خۆی نەهێناوه. واته پێناسی ئەسلی کۆرتکراوی ئەو ناوە دوور و درێژه "کۆمەله"یه، کە لە پێش یان لە ئاخری ناوی "رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران" دێت کە ئێوه لاتانبردووه کە ئەوه لە کاری رۆژنامەوانیدا هەلەیەکی کەم نییه و حەق وا بوو ناوەکه وەك خۆی بێت. بە جێی ئەو ناوه دوور و درێژەیش هەموو کەس هەر دەلێت "کۆمەله". پێم سەێره هاولاتی ئەوه حەزف دەکات یان لە بیری دەچێت؟**
**دوهەم: کومەله سکرتیری نییه. بەلکو دەبیری ئەوەلی هەیه کە ئەویش هاوری ئیبراهیمی عەلیزادەیه و زیاتر لە 21 ساله بەو ناوەوە تیکوشان و چالاکی دەکات. خویشتان ئەوه باش دەزانن. بەلام لیرەدا بو فراموشکراوه جیگای پرسیاره؟**
**خالیکی ئەسلی و گرینگ کە هەر خوینەریکی هاولاتی لە ریوه دەبینیت هەلویست و لایەنگەری هاولاتی یان ئەو کەسەیه کە وتوویژەکی لەگەل کاك عەبدولا موهتەدی سازداوه. هاولاتی جیاواز لەوەی کە سەرەتا ناوبراو دەناسینیت، وەك ئەوەی شتیکی گرینگی لە بیر چوبیت، لە دریژەی قسەکانی کاك عەبدولا دا دەنوسیت ((عەبدولای موعتەدی سکرتیری کومەلەی شورشگیری کوردستانی ئیران کە ئەمرۆ زوربەی خەلك بە کومەلەی ئیران ناوی دەبن ))**
**یەکەم پرسیارم لە هاولاتی ئەوەی کە ئەو سەرژمیریەتان لە کوی کرد کە بەم بەرادەرانی کە کەمایتیکی بچوك بوون و چوار سال لەوه پیش لە کومەله جیا بوونەوه "زوربەی خەلك بە کومەله ناویان دەبن"؟ حەتما ئاگادار هەن لە شوینی هەلسورانی ئەسلی ئەوان کە دەبیت کوردستانی ئیران**

بيت زوربەی خەلك بە ناوی دیکە ناویان دەبن و لام وانییە بە ریزیشتان ئەوتان نەبیستە بیت؟ بو لیرە و هەفتەنامەی ئازیزی هاولاتی ئەم جی گورکی‌ییان بو دەکات جیگای پرسیارە؟

دووهەم: لە گۆڤارێکی وەك هاولاتی ئایا دەوەشیتەوە لە موقابلەیەکی ئاوا کورت دا بەکەوێتە گێژاوی هەڵوێستی سیاسی و سەربەخۆیی گوڤارەکە لای خوێنەرانی بە چاوی رێزەوە سەێر دەکرێت، بەرێتە ژێر پرسیار؟!

حەتمەن کاك ئاسوس ئاگاداری یەك_ دوو هەڵەی دیکەی ئاوا هەیە کە لە رابردوو هاتنە پیش و پاش رەخنەی دڵسوزانەی ئیمە و دەرخستنی راستیەکان بە سینگ فراوانیەوە هەڵەکانی راستکردەوە، بویە ئەم جاریش و بە جێی چاوپیکەوتن بە ناچار لە دورەوە نامەم بۆ نوسین.

لە کوتاییدا هیوام وایە کە هەڵەی ئاوا جاریکی دیکە بۆ گۆڤاری هاولاتی نەیەتە پێش و رێز و خوێنەری هەر زۆر بێت.

سەرکەوتن تان بۆ بە ئاوات دەخوازم و هەر شاد بن.

هاوریتان: حەسەن رەحمان پەناه سوئید_ 2/ فوریە / 2005